# پوختەی
# ئەحکامەکانی تەراویح
## لە (١٢٠) خاڵدا

## المُخْتَصَرُ فِي أَحْكَامِ التَّرَاوِيحِ


كتبه

فهد بن يحيى العماري

القاضي بمحكمة الاستئناف بمكة المكرمة



بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده . أما بعد

## پێشەکی

### فەزڵ و گەورەیی شەونوێژ و تەراویح

یەکێک لەو تایبەتمەندییە جوانانەی خودای گەورە بە مانگی ڕەمەزانی بەخشیوە، شەونوێژ و تەراویحە[1]

خودا لە قورئانی پیرۆزدا زۆر باسی گەورەیی شەونوێژی کردووە و ستایشی ئەو کەسانەی کردووە کە نیوەشەوان بۆ عیبادەت هەڵدەستن؛ بەڵێنی پێداون کە پاداشتێکی وایان بۆ ئامادە بکات چاوەکانیان پێی

---

[1] نوێژی تەراویح لە بنەڕەتدا هەر هەمان شەونوێژە،بەڵام لە ڕەمەزاندا پێی دەڵێن تەراویح چونکە پێشینان لەنێوان هەر چوار ڕکاتێکدا کەمێک پشوویان داوە.

گەش ببێتەوە، چونکە ئەوان کاتی سەحەر و پارشێوان داوای لێخۆشبوونیان لێ کردووە.

**نوێژی تەراویح** یەکێکە لە دروشمە دیار و ڕوونەکانی ئایینی ئیسلام لە مانگی ڕەمەزاندا، ئەم نوێژە لە دڵی ئیمانداراندا ئارامییەکی بێوێنە دروست دەکات، ئیمانیان زیاد دەکات و گوێ و زمانیان بە شیرینی قورئان ئاشنا دەکات.

- **پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم)**: یەکەم کەس بوو کە لە ڕەمەزاندا بە کۆمەڵ نوێژی تەراویحی بۆ خەڵک کرد.

- **عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێ بێت)**:

دوای پێغەمبەر ﷺ، ئەو خەڵکی لەسەر ئەم نوێژە کۆکردەوە و هاوەڵانیش پشتگیرییان کرد.

لەو کاتەوە تا ئێستا، موسڵمانان بە خۆشحاڵییەوە ئەم سوننەتە بە گەورە سەیردەکەن؛ دەبینین گەورە و بچووک، پیاو و ئافرەت، ڕوو لە مزگەوتەکان دەکەن. کە دیمەنێکی هێندە جوانە دڵی هەموو بڕوادارێک خۆش دەکات.

وتەیەکی جوان: بە حەسەنی بەسریان گوت: "بۆچی ئەوانەی شەونوێژ دەکەن، دەموچاویان هێندە گەش و جوانە؟ "فەرمووی : "چونکە ئەوان لەگەڵ خودای میهرەباندا خەڵوەتیان کردووە، ئەویش لە نووری خۆی پۆشاکێکی کردوونەتە بەر."

ئەمە وەرزێکی زێڕینە بۆ بازرگانی کردن لەگەڵ خودا؛ خەڵکی پێشبڕکێ دەکەن بۆ چوونیان بەرەو ماڵەکانی خودا، با ئێمەیش لەو پێشبڕکێیە دانەبڕێین.

## پەیامێك بۆ پێشنوێژ و نوێژخوێنان

براكانم، چ پێشنوێژ بن (ئیمام) یان لە دوای ئیمامەوە بن (مأموم)؛ مانگی ڕەمەزان و نوێژی تەراویح دەرفەتێکی زێڕینە بۆ هەمووومان تا بە قووڵی بیر لە واتا و مەبەستەکانی قورئان بکەینەوە.

## پەیامێك بۆ پێشنوێژە بەڕێزەكان:

ئەمە دەرفەتە بۆ ئێوە کە بە خوێندنەوەی قورئان، دڵەکان بێننە لەرزە و گوێی نوێژخوێنان بەو کەلامە پیرۆزە ئاشنا بکەن. بە قورئانەکەتان، نەرمی و سۆز بخەنە ناو دەروونەکانەوە.

- **ئیمامە ئازیزەكان:** ئایەتەکان بەسۆزەوە بخوێننەوە و بە دەنگە خۆشەکانتان ئەو دڵانەی کە سەرقاڵی دنیان یان خەمبار و شکاون، بەرەو لای خودا ڕاپێچ بکەن. ئەمە باشترین دەرفەتە بۆ بانگەوازکردن بۆ لای خودا لە ڕێگەی قورئانەوە.

## پەیامێك بۆ نوێژخوێنە ئازیزەکان:

کاتێک لە پشت ئیمامەوە دەوەستن، بە هەموو هەست و دڵتانەوە ئامادە بن. بە باشی گوێ بۆ قورئانەکە بگرن و ڕێگە مەدەن تان و پۆی دنیا و خەیاڵات، مێشکتان بەرێت بۆ ئەملا و ئەولا. تێکۆشان بکەن تا لە کاتی نوێژەکەدا تەنها لەگەڵ خودا بن.

## دەربارەی ئەم ناميلكەيە

خـوای گەورە ڕەحـمـەتـان پـێ بـكـات؛ ئەوەی لەبەردەستاندايە كورتەيەكە دەربارەی حوكم و ئـادابەكـانی نوێژی تەراويح كە بە بەڵگەوە ڕوونم كردوونەتەوە. هيوادارم خودا من و ئێوەش سوودمەند بكات و لێمان وەربگرێت.

ئەم ناميلكەيە لە (١٢٠) خاڵ پێكهاتووە و كورتەی كتێبەكەمە بە ناوی (المصابيح في أحكام صلاة التراويح). هەوڵم داوە زۆر درێژەی پێنەدەم و باسە ئاڵۆزەكان و جياوازييە زۆرەكانی تێدا نەنوسم، بۆ ئەوەی قەبارەكەی بچووك بێت و هەموو كەس بە ئاسانی لێی تێبگات.

ئەم زانیارییانەم لە فەرموودەکان، وتەی هاوەڵان و تابیعین، و هەر چوار مەزهەبە ناودارەکە (**ئەبو حەنیفە، مالیك، شافعی، ئەحمەد**) و زاناکانی ترەوە وەرگرتووە. هەوڵم داوە ئەو ڕایانە هەڵبژێرم کە لەگەڵ بەڵگەکاندا گونجاوترن. داواکارم لە خودا ئەم کارەم بە چاکە بۆ بنووسێت بۆ ڕۆژی دوایی و بۆ دایک و باوک و خێزانەکەشم ببێتە توێشوویەکی خێر.

## چەند تێبینییەکی گرنگ بۆ تۆی خوێنەر:

لە کاتی خوێندنەوەدا ڕەنگە ئەم دەستەواژانەت بەرچاو بکەوێت:

١. **زۆرینەی زانایان (جمهور الفقهاء):** مەبەست لێی ئەوەیە کە دوو یان سێ مەزهەب لەسەر بابەتێک ڕێککەوتوون.

٢. **کۆمەڵێك لە زانایان:** کاتێکە کە دوو مەزهەب بەرامبەر دوو مەزهەبی تر بن.

٣. **تاقمێك له زانایان:** مەبەست لێی ڕای هەندێک زانایە کە ڕەنگە لە دەرەوەی ئەو چوار مەزهەبە بن یان لە ناوخۆیاندا بێت.

## ئادابی جیاوازیی ڕا (ئیختیلاف):

پێویستە دڵمان گەورە بێت بۆ ڕا جیاوازیی زاناکان.

نابێت شوێنکەوتنی مەزهەبەکان ببێتە هۆی کینە و دووبەرەکی لەنێوان موسڵماناندا. ئیمامە گەورەکان بۆ ئەوە قسەیان نەکردووە ئێمە دەمارگیر بین، بەڵکو هەمیشە فەرموویانە: **"ئەگەر فەرموودەیەکی ڕاست (صحیح) هەبوو، ئەوە پەیڕەوی بکەن و قسەی ئێمە واز لێ بهێنن"**. ڕێزگرتن لە مەزهەبەکان و زاناکان، نیشانەی ئەدەبی شەرعی و ڕەوشت بەرزییە.

## بەشی یەکەم

# حوکمەکانی نوێژی تەراویح

١. **پێناسەی نوێژی تەراویح:** نوێژی تەراویح بریتییە لەو شەونوێژەی کە لە شەوانی ڕەمەزاندا بە کۆمەڵ (جەماعەت) لە دوای نوێژی عیشا ئەنجام دەدرێت.

٢. **حوکمەکەی:** ئەم نوێژە "سوننەتێکی جەختلەسەرکراوە" (مؤكدة)؛ واتە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی بەردەوام بوون لەسەری و هەموو زانایانی ئیسلام لەسەری ڕێکن. تەنها ئەو کەسانە ئینکاری لێ دەکەن کە لە ڕێگای ڕاست لایان داوە (وەک ڕافیزەکان).

٣. **فەزڵ و گەورەیی نوێژی تەراویح:** پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: (مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا

غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ)[1] واته: « هەرکەس لەشەوانی ڕەمەزاندا شەونوێژ (تەراویح) بکات باوەڕی پێی هەبێت و بەتەمای پاداشت بێت لای خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی دەبوررێت ».

هەموو ئەو پاداشت و گەورەییەی بۆ "شەونوێژ" هاتووە، نوێژی تەراویحیش دەگرێتەوە، لەوانە:

- نزیکبوونەوە لە خودا: شەونوێژ پیشەی پیاوچاکانی پێش ئێمە بووە؛ مرۆڤ لە خودا نزیک دەکاتەوە، لە گوناە دەیپارێزێت، دەبێتە هۆی سڕینەوەی خراپەکان و تەنانەت نەخۆشی و دەردیش لە جەستە دوور دەخاتەوە.

---

[1] رواه البخاري ومسلم

- **نزیکترین کات لە خودا:** پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «نزیکترین کات کە خودا لە بەندەکەی نزیک بێت، نیوەشەوی کۆتاییە»[1]؛ کەواتە ئەگەر دەتوانیت لەو کاتەدا یادی خودا بکە، دریغی مەکە.

- **پاداشتی بەهەشت:** لە بەهەشتدا ژوور و کۆشکگەلێک هەن هێندە ڕووناکن ناوەوەیان لە دەرەوە دیارە و دەرەوەیان لە ناوەوە؛ خودا ئەم جێگایانەی بۆ ئەو کەسانە ئامادە کردووە کە قسەی جوان دەکەن، خواردن دەبەخشن، زۆر بەڕۆژوو دەبن و **شەوان کە خەڵکی خەوتوون ئەوان نوێژ دەکەن.**

- **تێکۆشانی پێغەمبەر ﷺ:** دایکە عائیشە دەفەرموێت: «کاتێک دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان

---

[1] رواه الترمذي

دەهات، پێغەمبەر ﷺ قۆڵی لێ هەڵدەماڵی (واتە زۆر بە جدی دەستەودامانی عیبادەت دەبوو)، شەوی زیندوو دەکردەوە و خێزانەکانی خەبەر دەکردەوە بۆ نوێژ»[١].

- **باشترین نوێژ:** پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرا: چ نوێژێک لە دوای نوێژە فەرزەکان لە هەمووی باشترە؟ فەرمووی: **«نوێژکردن لە ناو جەرگەی شەودا»**[٢].

## ٤. ئایا تەراویح گوناهە گەورەکان دەسڕێتەوە؟

نوێژی تەراویح گوناهە بچووکەکان دەسڕێتەوە. بەڵام دەربارەی گوناهە گەورەکان (کەبائیر)، ڕای پەسەند ئەوەیە کە تەنها بە "تەوبە" دەسڕێنەوە، هەرچەندە فەزڵ و بەخشندەیی خودای گەورە زۆر فراوانە.

---

[١] رواه البخاري ومسلم

[٢] رواه مسلم

**٥. خوێندنی عیلم یان نوێژی سوننەت؟** ئایا لە ڕەمەزاندا خەریکبوون بە خوێندن و فێربوونی زانستی شەرعی باشترە یان زۆرکردنی نوێژی سوننەت؟ زانایان دەفەرموون هەردووکیان کارێکی گەورەن. بەڵام بۆ کەسێک کە بەرپرسیارێتی بانگەواز و فێرکاری لەسەر شانە، زانست بۆ ئەو باشترە. بێگومان ئەگەر مرۆڤ بتوانێت هەردووکیان ئەنجام بدات، ئەوە بێگومان باشترینە.

**٦. ئایا بانگ و قامەتی بۆ دەکرێت؟** نەخێر، نوێژی تەراویح نە بانگی بۆ دەدرێت و نە قامەت. هەروەها بانگکردنی خەڵک بە دەستەواژەی وەک "الصلاة جامعة" بۆ تەراویح بەڵگەی لەسەر نییە.

**٧. کاتەکەی کەیە؟** لە شەوانی ڕەمەزاندا و لە دوای نوێژی عیشا ئەنجام دەدرێت. باشتر وایە بە جەماعەت بێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیە ئەنجامی داوە.

٨. **يەكەم شەوی تەراویح:** تەراویح لەو شەوەوە دەست پێ دەكات كە مانگی ڕەمەزان دەبینرێت.

٩. **تەراویح دوای دوو ڕكاتە سوننەتەكەی عیشا:**
سوننەت وایە تەراویح دوای دوو ڕكاتە نوێژە سوننەتەكەی دوای عیشا (راتبە) بكرێت، بەڵام ئەگەر كەسێك پێش سوننەتەكەی عیشاش تەراویح بكات، هەر ڕاستە و قبوڵە.

١٠. **باشترین كات لە شەودا:** ئەنجامدانی لە سەرەتای شەودا باشترە (وەك ئەوەی ئیمامی عومەر و هاوەڵان كردوویانە)، بەڵام پێویستە ڕەچاوی حاڵی نوێژخوێنان بكرێت و كاتێك بێت كە بۆیان ئاسان بێت و تووشی زەحمەتییان نەكات.

**١١. ئایا پێش نوێژی عیشا دەبێت؟** بە ڕای زۆربەی زانایان، تەراویح پێش نوێژی عیشا نابێت؛ ئەگەر بکرێت تەنها وەک نوێژێکی سوننەتی ئاسایی هەژمار دەکرێت نەک تەراویح.

**١٢. ئەگەر نوێژی عیشات چوو بوو:** کەسێک نوێژی عیشای نەکردبێت، بۆی نییە نیەتی تەراویح بهێنێت و عیشا دوا بخات. دەبێت سەرەتا فەرزەکە بکات ئینجا تەراویح.

**١٣. ئەگەر دوای نوێژی "وتر" بێت:** ئەگەر کەسێک وتری کردبوو، پاشان ویستی تەراویح بکات (بۆ نموونە پەشیمان بووەوە و ویستی لەگەڵ ئیمام تەواوی بکات)، نوێژەکەی ڕاستە و دەتوانێت بیکات.

### ١٤. ئەگەر نوێژی مەغریب و عیشای کۆکردەوە:

ئەگەر بەهۆی گەشت یان باران، نوێژی مەغریب و عیشات پێکەوە کرد (جمع تقديم)، دەتوانیت هەر ئەو کاتە نوێژی تەراویح بکەیت و پێویست ناکات چاوەڕێ بکەیت تا کاتی بانگی عیشا دێت.

- **تێبینییەکی زۆر گرنگ:** هەندێک کەس دەبینین زۆر سوورن لەسەر کردنی سوننەتەکانی وەک تەراویح، بەڵام بۆ نوێژە فەرزەکان تەمبەڵن! ئەمە پێچەوانەی تێگەیشتنی دروستی ئایینە. ئیمامی ئیبن حەجەر دەفەرموێت: هەر کەسێک فەرزەکان سەرقاڵی بکەن و نەیپەرژێتە سەر سوننەت، ئەوە مەعزوورە و گوناهبار نییە؛ بەڵام هەر کەسێک بە سوننەتەوە سەرقاڵ بێت و فەرزەکانی بیر بچێت، ئەوە کەسێکی فریودراوە.

**١٥. چەند ڕکاتە؟** زانایانی مەزهەبەکان زۆربەیان دەفەرموون (٢٠) ڕەکاتە. هەندێکیش دەفەرموون (١١) ڕەکاتە لەگەڵ وتردا، **کە ئەمەیان ڕاجح و تەواوترە.** بەڵام هەموو زانایان یەکن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر کەسێک زیاتریش بکات هەر دروستە، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (صَلَاةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى)[1] واتە: نوێژی شەو دوو ڕکات دوو ڕکاتە.

**١٦. نیەت هێنان:** پێویستە نیەتت هەبێت کە نوێژی تەراویح دەکەیت، تەنها یەک نیەت لە سەرەتای نوێژەکەوە بەسە بۆ هەمووی، چونکە هەموو ڕکاتەکان بە یەک نوێژ دادەنرێن.

---

(١) متفق عليه

**١٧. ئەگەر نوێژی عیشات کرد و چووی بۆ مزگەوت :** ئەگەر نوێژی عیشات کردبوو و چوویتە مزگەوت، نەتدەزانی ئیمام لە نوێژی عیشایە یان تەراویح؛ نیەتی سوننەت بهێنە. بەڵام ئەگەر هێشتا نوێژی عیشات نەکردبوو، ئەوە دەبێت نیەتی عیشا بهێنیت و لەگەڵ ئیمامەکەدا بیکەیت (تەنانەت ئەگەر ئەو لە تەراویحیشدا بێت).

**١٨. چۆنیەتی ئەنجامدانی:** سوننەت وایە دوو ڕکات دوو ڕکات بکرێت، واتە دوای هەر دوو ڕکاتێک سەلام بدەیتەوە.

**١٩. ئایا چوار ڕکات پێکەوە دەبێت؟** بە ڕای زۆربەی زانایان، دروستە چوار ڕکات بە یەک سەلام بدەیتەوە (وەک چۆن لە نوێژی وتردا هەرسێ ڕکاتەکە بەیەکەوەش دەکرێت)، بەڵام وەک گوتمان دوو ڕەکات دوو ڕکاتەکە سوننەت و باشترە.

**٢٠. چۆنیەتی کردنی چوار ڕکات پێکەوە:** ئەگەر ویستت چوار ڕکات بەیەکەوە بکەیت، دەتوانیت وەک نوێژی نیوەڕۆ دوای دوو ڕەکاتی یەکەم دانیشیت و تەحیات بخوێنیت (دوو دانیشتن)، یان دەتوانیت هەر چوار ڕکاتەکە بەسەریەکەوە بکەیت و تەنها لە کۆتاییەکەیدا دانیشیت بۆ تەحییات (وەک نوێژی وتر)، هەردووکیان دروستن.

**٢١. ئەگەر ئیمام بە هەڵە هەستا بۆ ڕکاتی سێیەم:**

ئەگەر ئیمام لەبیر چوو و ویستی ڕکاتی سێیەم بکات، پێویستە بگەڕێتەوە و دانیشێت، پاشان سوجدەی سەهو بەرێت؛ ئەمە بۆ دڵنیایی و دوورکەوتنەوە لە جیاوازی ڕای زاناکان باشترە.

**٢٢. ئەگەر ئیمام نەگەڕایەوە و بەردەوام بووی؟** ئایا نوێژەکەی پووچەڵ دەبێتەوە؟ زانایان دوو ڕایان هەیە، بەڵام ڕای نزیکتر ئەوەیە کە نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە.

**٢٣. ئەگەر کەسێك بە تەنها یەك ڕکاتی کرد و پێی وابوو دوو ڕکاتە:** پێویستە ڕکاتی دووەم بکات، تەنانەت ئەگەر سەلامیشی دابێتەوە، دەبێت هەستێتەوە و ڕکاتەکەی تری بۆ زیاد بکات و سوجدەی سەهو بەرێت.

**٢٤. پشوو دان لە نێوان ڕکاتەکان:** دروستە لە نێوان هەموو دوو ڕکاتێکدا پشوو بدەیت، تەنانەت ئەگەر کاتەکەش درێژ بێت یان خەوێکی سوکیشت لێ بکەوێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ وای کردووە.

**٢٥. نوێژ بە جەماعەت:** هەموو زانایان هاوڕان کە نوێژی تەراویح بە جەماعەت دروستە، و باشترینیش وایە بە جەماعەت ئەنجام بدرێت.

**٢٦. ئایا بە تەنیا دروستە؟** بەڵێ، نوێژی تەراویح بە تەنیاش دروستە و پاداشتی هەر هەیە، بەڵام بێگومان ئەنجامدانی لە مزگەوت و لەگەڵ ئیمام پاداشت و فەزڵی زۆر زیاترە.

**٢٧. ئەگەر لەماڵەوە بە جەماعەت بکرێت:** ئەگەر کەسێک لەگەڵ خێزان یان هاوڕێکانی لە ماڵەوە بە کۆمەڵ بیکات، پاداشتی "نوێژی جەماعەت"ی دەست دەکەوێت، بەڵام فەزڵی "مزگەوت"ەکەی لەدەست دەچێت.

## ٢٨. ئایا نوێژەکە درێژ بکرێتەوە یان کورت؟

لێرەدا جیاوازی هەیە:

زانایان دەفەرموون بۆ ئیمام وا باشترە ڕەچاوی حاڵی نوێژخوێنان بکات. بەڵام بۆ کەسێک کە بە تەنیا دەیکات، با سەیری دڵی خۆی بکات؛ کامەیان زیاتر کار لە دڵی دەکات (درێژکردنەوە یان کورتکردنەوە)، با ئەوەیان بکات.

ئەو خاڵە گرنگەی لێرەدا پێویستە تێی بگەین ئەوەیە: ئیسلام تەنها جەستە و جوڵەی زۆر نییە، بەڵکو "صلاح القلب" (چاککردنی دڵ) بنەمای هەموو کارێکە. وەک چۆن جوبریل دڵی پێغەمبەری ﷺ شۆردەوە، ئێمەیش دەبێت لەم نوێژانەدا خەمی پاککردنەوەی دڵمان بێت.

**٢٩. بڕی قورئان خوێندن:** هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو نییە کە دەبێت لە تەراویحدا چەند قورئان بخوێنرێت (بۆ نموونە دەبێت هەر هەموو قورئان خەتم بکرێت یان نا).

**٣٠. ئایا لە سەرەتای هەر دوو ڕکاتێکدا (دوعای دەستپێکردنی نوێژ - استفتاح) بخوێندرێت؟** لێرەدا دوو ڕا هەیە و بەڵگەیەکی بڕاوەمان نییە؛ بۆیە ئەگەر لە سەرەتای هەر دوو ڕکاتێکدا بیخوێنیت دروستە، وە ئەگەر تەنها لە یەکەم ڕکاتی دەستپێکی تەراویحەکەشدا بیخوێنیت هەر دروستە.

**٣١. ئایا ڕکاتەکان لە درێژیی قورئان خوێندندا وەك یەك بن؟** زانایان دوو ڕایان هەیە، بەڵام ئاساییە و دەکرێت وەک یەک بن یان جیاواز بن.

**٣٢. ئایا دروستە ئیمام بە چەند شێوازێکی خوێندنەوە (قیرائات) قورئان بخوێنێت؟** بەڵێ دروستە، چونکە هەمووی قورئانە، بەڵام بە دوو مەرج:

١. نەبێتە هۆی تێکدانی مانای ئایەتەکان.

٢. نەبێتە هۆی سەرلێشێوان و فیتنە لە ناو خەڵکی ئاساییدا، چونکە زۆربەی خەڵک لە جۆرەکانی قیرائات شارەزا نین.

**٣٣. حوکمی خوێندنەوە لەسەر مصحف (قورئان):**

ئەم بابەتە دوو لایەنی هەیە:

- **بۆ ئیمام یان ئەو کەسەی بە تەنیا نوێژ دەکات:**

ڕای پەسەند ئەوەیە کە بە ڕەهایی دروستە. بەڵگەش ئەوەیە کە "زەکوان"ی خزمەتکاری دایکە عائیشە لە قورئانەوە سەیری دەکرد و پێشنوێژی بۆ دەکرد.

- **بۆ نوێژخوێن (مأموم)** ئەمیش دوو حاڵەتی هەیە:

١. ئەگەر بۆ ئەوە بێت شوێنی ئیمام بکەوێت تا ئەگەر هەڵەی کرد ڕاستی بکاتەوە، ئەوە لەبەر پێویستی دروستە. وەک چۆن خزمەتکارەکەی "ئەنەسی کوڕی مالیک" وای دەکرد.

٢. ئەگەر بێ پێویستی بێت، ئەوە کارێکی ناپەسەندە (مەکروهە)؛ چونکە دەبێتە هۆی جوڵەی زۆر و دەست نەگرتن بەجوانی و سەرقاڵبوون بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکان و دانانی قورئانەکە لەکاتی سوجدە و ....

- **سەیرکردنی وەرگێڕانی مانا قورئانییەکان لە ناو نوێژدا بۆ تێگەیشتن:**

- ئەگەر نوێژخوێن بە زمان وەرگێڕانەکە بخوێنێتەوە، نوێژەکەی بە کۆدەنگی زانایان بەتاڵ دەبێتەوە، چونکە دەبێتە قسەی مرۆڤ.

- بەڵام ئەگەر تەنها بە چاو سەیری بکات و بە دڵ تێبیگات (بێ ئەوەی زمانی بجوڵێنێت)، نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە بەڵام مەکروهە. باشتر وایە ئەوە نەکات، چونکە گوێگرتن لە دەنگی ئیمام لە پێشترە.

**٣٤. ئایا سوننەتە دەستپێکی تەراویح بە دوو ڕکاتی سووک بێت؟** نەخێر، سوننەت نییە تەراویح بە دوو ڕکاتی سووک و کورت دەست پێ بکرێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی کاتێک تەراویحیان بۆ خەڵک کردووە، نوێژەکەیان درێژ کردووەتەوە و شتێکی وا لەوانەوە نەهاتووە.

**٣٥. ئایا سوننەتە "شەونوێژ" بە دوو ڕکاتی سووک دەست پێ بکرێت؟** لێرەدا دوو حاڵەت هەیە:

- **یەکەم:** ئەگەر نوێژەکە دوای خەوتن بێت و جیا بێت لە تەراویح، ئەوا سوننەتە بە دوو ڕکاتی سووک دەست پێ بکەیت. ئەگەر ئیمامیش وای نەکرد، نوێژخوێن دەتوانێت پێش ئیمامەکە خۆی ئەو دوو ڕکاتە بکات.

- **دووەم:** ئەگەر نوێژەکە تەواوکەری تەراویح بێت (وەک ئەوەی لە دە شەوی کۆتاییدا دەکرێت)، ئەوا سوننەت نییە بە دوو ڕکاتی سووک دەست پێ بکرێت، چونکە ئەمە بە درێژکراوەی نوێژەکەی پێشوو هەژمار دەکرێت.

## بەشی دووەم

## حوکمەکانی دانیشتنی نێوان ڕکاتەکان

**٣٦. ئایا دانیشتن و پشوودان لە نێوان سەلامەکاندا دروستە؟** بەڵێ، دانیشتن لە نێوان سەلامەکاندا دروستە و زۆربەی زانایانیش لەسەر ئەم ڕایەن. (هەر بۆیە ناوی نراوە "تەراویح" چونکە خەڵک تێیدا پشوویان داوە).

**٣٧. کەی پشوو دەدرێت؟** بەپێی ڕای زۆربەی زانایان، دوای هەر چوار ڕکاتێک پشوو دەدرێت، بەڵام ئەگەر دوای دوو ڕکاتێکیش پشوو بدرێت هەر دروستە.

**٣٨. ئایا لە نێوان ڕکاتەکاندا زیکرێکی تایبەت هەیە؟** هیچ زیکرێکی تایبەت لە سوننەتدا نەهاتووە کە لە نێوان سەلامەکاندا بخوێنرێت. مرۆڤ ئازادە؛ ئەگەر دەیەوێت یادی خودا بکات، یان قورئان بخوێنێت، یان هەر بێدەنگ بێت، هەمووی دروستە.

**٣٩. ئایا سوننەتە بە قسەکردن یان گۆڕینی شوێن پشوو بدەین؟** بە ڕای زۆربەی زانایان، سوننەت نییە لە نێوان سەلامەکاندا بە ئەنقەست قسە بکرێت یان شوێن بگۆڕدرێت، چونکە هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەم کارە نییە.

**٤٠. بەکارهێنانی سیواك لە نێوان سەلامەکان:** سوننەتە لە نێوان سەلامەکاندا (هەر دوو ڕکات جارێک) سیواک بەکاربهێنرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی فەرموودە هەیە کە پێغەمبەر ﷺ لە کاتی شەونوێژدا لە نێوان هەر دوو ڕکاتێکدا سیواکی کردووە. جود إسناده ابن دقيق العيد

**٤١. ئەگەر سیواکەکە بووە هۆی دواکەوتن لە تەکبیرەی ئیحرام:** ئەگەر خەریکبوونی بە سیواکەوە بووە هۆی ئەوەی نەگەیتە تەکبیرەی یەکەمی نوێژ (تكبيرة الإحرام)، ئەوا دەستپێکردنی نوێژەکە لەپێشترە

و واز لە سیواکەکە بهێنە، چونکە ئەوەی پەیوەندی بە خودی نوێژەکەوە هەبێت لە پێشترە.

### ٤٢. نوێژی سوننەتی تر لە نێوان تەراویحدا:

ناپەسەندە (مەکروهە) مرۆڤ لە نێوان ڕکاتەکانی تەراویحدا هەستێت و نوێژێکی تری سوننەت ئەنجام بدات، چ ئیمام لە نوێژدا بێت یان لە پشوودان.

### ٤٣. ئامۆژگاری و وتار لە نێوان سەلامەکان:

دروستە لە نێوان سەلامەکانی تەراویحدا کاتەکە بەکاربهێنرێت بۆ ئامۆژگاری و بیرهێنانەوەی خەڵک، چونکە هیچ ڕێگرییەکی شەرعی لەسەر نییە.

### ٤٤. حوکمی نوێژکردن دوای تەراویح و وتر :

- **شێوازەکەی:** ئەوەیە کە خەڵک نوێژی تەراویح و وتر بکەن، پاشان جارێکی تر بە جەماعەت کۆببنەوە بۆ نوێژ.

- **حوکمەکەی:** زانایان دوو ڕایان هەیە، بەڵام ڕای ڕاست ئەوەیە کە دروستە. ئەنەسی کوڕی مالیک (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: "ناگەڕێنەوە مەگەر بۆ خێرێک کە ئومێدیان پێیەتی". هەروەها خەڵکی مەککە و مەدینە لە کۆنەوە ئەمەیان کردووە.

٤٥. **پاداشتی نوێژی هەموو شەوێك:** بۆ ئەوەی پاداشتی ئەوەت بۆ بنووسرێت کە هەموو شەوەکەت بە عیبادەت بەسەر بردووە، پێویستە لەگەڵ ئیمامدا بیت لە یەکەم ڕکاتەوە تا ئەو کاتەی ئیمام نوێژەکە (لەگەڵ وتردا) بە تەواوی تەواو دەکات. پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێک لەگەڵ ئیمامدا نوێژ بکات تا ئیمامەکە تەواو دەبێت، پاداشتی شەونوێژێکی تەواوی بۆ دەنووسرێت.

**٤٥. ئەگەر لە مزگەوتێکدا دوو ئیمام هەبن و هەر یەکەیان (١٠) ڕکات بکەن، ئایا بە جێهێشتنی مزگەوتەکە دوای ئیمامی یەکەم، پاداشتی شەونوێژێکی تەواوت دەست دەکەوێت؟** نەخێر، ئەو پاداشتەت دەست ناکەوێت؛ چونکە نوێژی تەراویحی ئەو شەوە بە یەک نوێژ هەژمار دەکرێت. ئەگەر وابایە، هەر ئیمامێک تەنها دوو ڕکاتی بکردایە، دەبوو هەر کەسێک لەگەڵ یەکێکیان نوێژ بکات پاداشتی شەوێکی بۆ بنووسرێت، کە ئەمە دوورە لە ڕاستی .جگە لەوە، جێهێشتنی مزگەوت پێش تەواوبوونی هەموو نوێژەکە چەند زیانێکی تریشی هەیە، وەک: لەدەستدانی پاداشتی شەونوێژ، دروستکردنی پشێوی لە مزگەوت، و دروستکردنی گومانی خراپ لە لای خەڵکی. مرۆڤی ژیر سەیری دەرەنجام و مەبەستە شەرعییەکان دەکات .

نوێژکردن لەگەڵ ئیمام تا کۆتایی چەندین سوودی تێدایە: ئامادەبوون لەناو خێردا، زیادکردنی ژمارەی موسڵمانان، هاندانی کەسانی تر بۆ عیبادەت و دروستکردنی تەبایی. مەگەر کەسێک عوزری هەبێت، ئەوا خودا پاداشتی دەداتەوە.

**٤٦. ئەگەر کەسێك لە چەند مزگەوتێك نوێژ بکات و لەگەڵ ئیمامی کۆتایی وتر بکات، ئایا پاداشتی شەونوێژی بۆ دەنووسرێت؟** نەخێر، بەپێی ئەو هۆکارانەی لە خاڵی پێشتردا باسمان کرد، چونکە مەرجەکە ئەوەیە "لەگەڵ ئیمامەکەدا بێ تا تەواو دەبێت."

**٤٧. ئایا دروستە چەند ئیمامێك لە یەك شەودا نوێژی تەراویحەکە بکەن؟** بەڵێ دروستە، وەک ئەوەی لە کاتی ئیمامی عومەریشدا (رضي الله عنه) کراوە.

### ٤٨. نوێژکردنی نوێژخوێن به دانیشتنەوە لە تەراویحدا: دوو حاڵەتی هەیە:

- **یەکەم:** ئەگەر بەهۆی نەخۆشی یان عوزرێکەوە بێت، ئەوا بە کۆدەنگی زانایان دروستە.
- **دووەم:** ئەگەر بێ عوزر بێت؛ زۆربەی زانایان دەفەرموون نوێژەکەی دروستە، بەڵام هەندێکی تر (وەک مەزهەبی حەنەفی) دەفەرموون مەکروهە چونکە نیشانەی تەمبەڵی بێ پاساوە. ڕای ڕاست ئەوەیە کە نوێژەکەی دروستە بەڵام پاداشتەکەی کەم دەبێتەوە (نیوەی پاداشتی کەسێکی وەستاو).

# بەشی سێیەم

## پێشنوێژیکردنی منداڵ و ئافرەت

**٤٩. حوکمی پێشنوێژیکردنی منداڵ (کە هێشتا باڵغ نەبووە):** ئەم بابەتە چەند حاڵەتێکی هەیە:

- **منداڵی زۆر بچووک:** منداڵێک تەمەنی لە ٧ ساڵ کەمتر بێت، بۆی نییە ببێتە ئیمام بۆ فەرز و سوننەت.
- **منداڵ بۆ هاوتەمەنەکانی:** ئەگەر منداڵێک پێشنوێژی بۆ منداڵانی وەک خۆی بکات، بێ کێشە دروستە.
- **کەسی گەورە لەپێشترە:** بە کۆدەنگی زانایان، کەسی پێگەیشتوو و گەورە بۆ پێشنوێژی زۆر لە منداڵ لەپێشترە.

- **منداڵی ژیر (مومەیز):** منداڵێک کە تەمەنی ٧ ساڵی تەواو کردبێت و لە نوێژ تێبگات، ئایا دەتوانێت پێشنوێژی بۆ گەورەکان بکات؟ ڕای ڕاست ئەوەیە کە **دروستە**، بە مەرجێک ئەحکامەکانی نوێژ بزانێت و بە جوانی ئەنجامی بدات. بەڵگەشمان فەرموودەیەکی بوخارییە کە هاوەڵێکی تەمەن ٦ بۆ ٧ ساڵان پێشنوێژی بۆ قەومەکەی کردووە.

- **لە نوێژی تەراویحدا:** پێشنوێژیکردنی منداڵی ژیر لە نوێژی تەراویحدا دروستە و ڕێگری لێ نەکراوە.

٥٠. **پێشنوێژیکردنی ئافرەت:** ئەمەش دوو حاڵەتە:

- **بۆ پیاوان:** بە هیچ شێوەیەک و بە یەکدەنگی هەموو زانایان دروست نییە ئافرەت ببێتە ئیمام بۆ پیاوان.

- **بۆ ئافرەتانی وەك خۆی:** ڕای پەسەند ئەوەیە کە **کارێکی باش و پەسەندە (مستحب)** چ لە نوێژە فەرزەکاندا بێت یان لە تەراویح. چونکە لە دایکە عائیشە و ئوم سەلەمەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) گێڕدراوەتەوە کە پێشنوێژییان بۆ ئافرەتان کردووە. تەنانەت ئیمامی عومەریش فەرمانی کردووە کە یەکێک لە کەنیزەکەکانی لە شەوانی ڕەمەزاندا پێشنوێژی بۆ ئافرەتانی ماڵەکەی بکات.

**٥١. جێگای وەستانی ئافرەت لە کاتی پێشنوێژیدا:**

ئەگەر ئافرەتێک پێشنوێژی بۆ ئافرەتانی تر کرد، سوننەت وایە لە **ناوەڕاستی ڕیزەکەدا** بوەستێت (نەک وەک پیاوان کە ئیمامەکەیان لە پێشەوە دەوەستێت). ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە و لە دایکە عائیشە و ئوم سەلەمەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) بەو شێوەیە گێڕدراوەتەوە.

**٥٢. ئایا ئافرەت دەنگی بەرز دەکات لە کاتی پێشنوێژیدا؟** بەڵێ، ڕای ڕاست ئەوەیە کە ئافرەت لە کاتی پێشنوێژیکردن بۆ ئافرەتان دەنگی بەرز دەکات، چونکە هیچ ڕێگرییەکی شەرعی نییە و یەکێک لە ئامانجەکانی تەراویحیش بیستنی قورئانە.

**٥٣. ئایا ئافرەتان بچن بۆ مزگەوت یان لەماڵەوە بن؟** ئافرەتان بۆیان هەیە بچن بۆ مزگەوت بۆ نوێژی جەماعەت، بەڵام بە یەکدەنگی هەموو زانایان، نوێژەکەیان لەناو ماڵەکانی خۆیاندا باشتر و بەپاداشتترە.

**٥٤. ئایا پیاو دەتوانێت ڕێگری لە هاوسەرەکەی بکات بۆ مزگەوت؟** باشتر وایە پیاو ڕێگری لە هاوسەرەکەی نەکات بۆ چوونی مزگەوت و نوێژی

تەراویح، مەگەر هۆکارێکی شەرعی هەبێت. چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «ڕێگری لە ئافرەتان مەکەن لە چوون بۆ مزگەوتەکانی خودا». چونکە لە مزگەوت سوودی زۆری دەست دەکەوێت وەک بیستنی قورئان و ئامۆژگاری و زانیاری ئایینی.

### ٥٥. مەرجەکانی چوونی ئافرەت بۆ مزگەوت:

چوونی ئافرەت بۆ مزگەوت ئەم مەرجانەی هەیە:

- وەرگرتنی ڕەزامەندی و مۆڵەت (لە هاوسەر یان سەرپەرشتیار).
- بەکارنەهێنانی بۆن و عەتر.
- دەرنەخستنی جوانی و زینەت.
- تێکەڵنەبوون و قەرەباڵغی دروستنەکردن لەگەڵ پیاوان.

# بەشی چوارەم

## حوكمەكانی نوێژی وتر

٥٦. **ژمارەی ڕەكاتەكانی وتر:** نوێژی وتر دەكرێت تەنها یەک ڕكات بێت (ئەگەر پێشتر ڕكاتە جووتەكانت كردبێت)، یان دەكرێت هەمووی پێكەوە بێت وەک سێ یان پێنج ڕكات.

٥٧. **ئایا یەك ڕكات بە تەنیا دروستە؟** بەڵێ، ڕای ڕاستی زانایان ئەوەیە كە نوێژی وتر بە تەنها یەک ڕكاتیش دروستە، بە پێچەوانەی ئەو ڕایەی كە دەڵێت نابێت لە سێ ڕكات كەمتر بێت.

٥٨. **نیەت هێنان بۆ وتر:** بە یەكدەنگی هەموو زانایان، پێویستە وتر نیەتێكی سەربەخۆی هەبێت و جیا بێت لە نیەتی تەراویح، بۆ ئەوەی عیبادەتەكان لە یەكتر جیا ببنەوە. بەڵام ئەگەر نیەتت وابوو كە "چی ئیمام دەیكات منیش ئەوە دەكەم"، ئەوە نوێژەكەت ڕاستە.

**٥٩. ئەگەر بە هەڵە نیەتت هێنا:** ئەگەر چوویتە ناو نوێژ و واتزانی ئیمام لە تەراویح دایە، بەڵام دەرکەوت لە وتر دایە؛ ئەوا دوای ئەوەی ئیمام سەلامی دایەوە تۆ هەستەوە ڕکاتێکی تر بکە تا ببێتە جووت، پاشان دواتر وتری خۆت بکە. ئەمە ڕای مەزهەبی حەنەفی و مالیکییە.

**٦٠. نیەت بۆ ڕکاتە جووتەکان (الشفع):** بۆ ئەو ڕکاتە جووتانەی پێش وتر دەکرێن، پێویست ناکات نیەتێکی تایبەت بهێنیت بە ناوی "شەفع"، چونکە ئەوانە لەناو گشتیی شەونوێژ و قیامدا هەژمار دەکرێن.

**٦١. ئەگەر نوێژخوێن (مأموم) لە بەشێکی وتردا گەیشتە ئیمام:**

- **حاڵەتی یەکەم:** ئەگەر ئیمامەکە یەک ڕکاتە وترەکەی بە جیا ئەنجام دەدا و ئەم کەسە کاتێک دێتە

مزگەوتەوە ئیمام لە سوجدە یان تەحییات دایە ئەوا ئەم کەسە دوای سەلامدانەوەی ئیمام هەڵدەسێتەوە یەک ڕکات دەکات، بەڵام ئەگەر گەشتە ڕکوع لەگەڵ ئیمام ئەوا ئەو ڕکاتەی بۆ حسابە .

- **حاڵەتی دووەم:** ئەگەر ئیمامەکە وترەکەی (هەر سێ ڕکاتە وترەکە) بەسەریەکەوە دەکرد(بێ سەلامدانەوە لە نێوانیاندا)، ئەوا نوێژخوێنەکەش دەبێت بە هەمان شێوەی ئیمامەکەی ئەوەی فەوتاوە بەسەریەکەوە ئەنجام بداتەوە و سەلام لە نێوانیاندا نەداتەوە.

## ٦٢. ئەگەر ئیمام وترەکەی بەسەریەکەوە کرد (سێ ڕکات بێ سەلامدانەوە)، نوێژخوێن چی بکات؟

- **حاڵەتی یەکەم:** ئەگەر نوێژخوێنەکە لە سەرەتاوە نیەتی وتری هەبێت (چ ئیمامەکە بە جیا بیکات یان بەسەریەکەوە)، ئەوا هیچ کێشەیەکی نییە و نوێژەکەی دروستە.

- **حاڵەتی دووەم:** ئەگەر نیەتی ئەوە بێت تەنها شوێن ئیمامەکە بکەوێت لەوەی دەیکات، ئەوا دروستە.

- **حاڵەتی سێیەم:** ئەگەر نوێژخوێنەکە بە نیەتی "شەفع" (دوو ڕەکاتەکە) دەستی پێکرد، بەڵام ئیمامەکە هەستا بۆ سێیەم و سەلامی نەدایەوە، لێرەدا چەند ڕێگەیەک هەیە بۆ چاککردنی نوێژەکەی:

١. نیەتەکەی بگۆڕێت بۆ وتر و لەگەڵ ئیمام بەردەوام بێت.

٢. نیەتی "جیابوونەوە لە ئیمام" (مفارقة) بهێنێت و سەلام بداتەوە، پاشان جارێکی تر بچێتەوە ناو نوێژ لەگەڵ ئیمامەکە بە نیەتی وتر.

٣. بەردەوام بێت بە نیەتی "شەفع" و کاتێک ئیمام سەلامی دایەوە، ئەم سەلام نەداتەوە و هەستێتەوە ڕکاتێکی تر بکات تا ببێتە جووت، پاشان دواتر وتری خۆی بکات.

**تێبینی بۆ ئیمامەکان:** پێویستە پێشنوێژەکان ئەگەر ویستیان وترەکە بەسەریەکەوە بکەن، پێشتر خەڵکەکە ئاگادار بکەنەوە بۆ ئەوەی نوێژی نوێژخوێنان تێکنەچێت، بەتایبەت ئەگەر عادەتی ئیمامەکە هەمیشە جیاکردنەوەی ڕکاتەکان بێت.

### ٦٣. ئەگەر ئیمام وتری کرد و نوێژخوێن ویستی

دواتر شەونوێژی تر بکات: باشتر وایە لەگەڵ ئیمامەکەدا ترەکە بکات، بەڵام کاتێک ئیمام سەلام دەداتەوە، ئەم سەلام نەداتەوە و هەستێتەوە ڕکاتێکی تر بکات تا وترەکەی ببێتە "جووت". بەمە هەم شوێن ئیمامەکە کەوتووە و پاداشتی شەونوێژێکی تەواوی بۆ دەنووسرێت، هەم دەشتوانێت دواتر لە ماڵەوە شەونوێژ بکات و وترەکەی دوا بخات بۆ کۆتایی شەو.

### ٦٤. حوکمی هەڵوەشاندنەوەی وتر:

- شێوازەکەی: ئەوەیە کە کەسێک وتر بکات، پاشان کە نیوەشەو هەستا بۆ شەونوێژ، سەرەتا ڕکاتێک بکات تا وترەکەی پێشووی هەڵوەشێتەوە و ببێتە جووت، پاشان نوێژەکانی تری بکات و لە کۆتاییدا وترێکی نوێ بکات.

- **حوكمەکەی:** ئەم کارە **دروست نییە** و ڕای هەر چوار مەزهەبەکە و گەورە هاوەڵانی وەک (ئەبوبەکر و عەممار و عائیشە)یە؛ چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: دوو وتر لە یەک شەودا نییە.

**٦٥. ئایا وتر بۆ ئەوەی نوێژی تری پێش بکەوێت دروستە؟** بەڵێ دروستە. لە هەندێک لە هاوەڵانەوە گێڕدراوەتەوە کە تەنها وتریان کردووە بۆ ئەوەی نوێژی سوننەتی تریان پێش بخەن. بۆ نموونە لە ئیمامی عوسمانەوە هاتووە کە شەوێک تەنها بە یەک ڕکات هەموو قورئانی تێدا خوێندووەتەوە.

**٦٦. چۆنیەتی ئەنجامدانی سێ ڕەکاتی کۆتایی (شەفع و وتر):** سێ شێوازی هەیە:

١. **دوو ڕکات و یەك ڕكات:** دوای دوو ڕکاتی یەکەم سەلام دەدەیتەوە، پاشان ڕکاتی سێیەم بە جیا دەکەیت. ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە.

٢. **سێ ڕکات بەسەریەکەوە:** هەر سێ ڕکاتەکە پێکەوە دەکەیت و تەنها لە کۆتاییەکەیدا تەحیات دەخوێنیت و سەلام دەدەیتەوە. ئەمەش دروستە و پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی داوە.

٣. **وەك نوێژی مەغریب:** سێ ڕکات بە دوو تەحیات و یەک سەلام لە کۆتاییدا. لێرەدا جیاوازی هەیە لەنێوان زانایاندا، بەڵام بابەتەکە جێگەی ئیجتیهادە و نابێت کێشەی لەسەر دروست بکرێت.

**٦٧. چی بخوێنرێت لە وتردا؟** سوننەت وایە لەو سێ ڕکاتەدا سوورەتەکانی (الأعلى، الكافرون، الإخلاص) بخوێنرێت.

**٦٨. زیکری دوای وتر:** دوای تەواوبوونی وتر، سوننەتە سێ جار بگوترێت: (سُبحانَ المَلِكِ القُدّوس)، و لە جاری سێیەمدا دەنگ کەمێک بەرز بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر کەسێک تەنها تەراویحی کرد و وتری نەکرد، ئەم زیکرە ناڵێت، چونکە ئەمە تایبەتە بە دوای وتر.

# بەشی پێنجەم

## حوکمەکانی قەزاکردنەوەی تەراویح

**٦٩. ئایا نوێژی تەراویح قەزا دەکرێتەوە؟** ئەم بابەتە دوو حاڵەتی هەیە:

- **لە هەمان شەودا:** ئەگەر ئیمام تەواو ببوو یان بەشێکت لێ فەوتا، دەتوانیت هەر لەو شەوەدا قەزای بکەیتەوە.
- **دوای هاتنی بەیانی (فەجر):** ڕای پەسەند ئەوەیە کە دەکرێت لە ڕۆژدا قەزا بکرێتەوە. چونکە دایکە عائیشە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بەهۆی نەخۆشی یان هەر هۆکارێکی ترەوە شەوێژنی لەدەست بچوایە، لە ڕۆژدا دوازدە ڕکات نوێژی دەکردەوە.

**٧٠. كاتەکەی تا کەیە؟** نوێژی تەراویح قەزا دەکرێتەوە، مادام کاتی تەراویحی شەوی دواتر نەهاتبێ.

**٧١. ئەگەر بەشێکت لێ فەوتا و ئیمام دەستی کرد بە وتر:** لەم حاڵەتەدا سەرەتا لەگەڵ ئیمامەکە نوێژی وترەکە بکە، پاشان ئەو ڕکاتانەی تەراویح کە لێت فەوتاوە قەزایان بکەرەوە.

**٧٢. خەتمکردنی قورئان لە تەراویحدا:** بە ڕای زۆربەی زانایان (جمهور الفقهاء)، باش وایە (مستحب) هەموو قورئان لە نوێژی تەراویحدا بخوێنرێت بۆ ئەوەی خەڵکی گوێیان لە هەموو قورئان بێت. بەڵام ئەگەر خەتمکردنی هەموو قورئان بۆ خەڵک گران بوو و تووشی زەحمەتی دەکردن، ئەوا ڕەچاوکردنی حاڵی خەڵکەکە لەپێشترە.

## شەشەم

## حوکمەکانی دوعای قونوت

٧٣. **حوکمی دوعای قونوت:** بە ڕای زۆربەی هاوەڵان و زانایان، دوعای قونوت (دوعای ناو نوێژی وتر) **سوننەتە**. هەندێک لە زانایانیش بە واجبی دەزانن، بەڵام ڕای زۆرینە لەسەر سوننەت بوونیەتی.

٧٤. **ئایا هەموو شەوێك دوعای قونوت بکرێت؟**

لێرەدا دوو ڕا هەیە، بەڵام ڕای ڕاست ئەوەیە کە بابەتەکە فراوانە؛ ئەگەر ئیمام هەندێک شەو وازی لێ بهێنێت بۆ ئەوەی خەڵکەکە ماندوو نەبن و وا گومان نەبەن کە واجبە، کارێکی باشە.

- جۆرەها گێڕانەوە لەم بارەیەوە هەن: هەندێک دەڵێن هەموو ڕەمەزان قونوت بکرێت، هەندێک دەڵێن

تەنها نیوەی یەکەم، هەندێک دەڵێن تەنها لە نیوەی کۆتاییدا، و هەندێکیش دەڵێن لە هەموو شەوێکی ساڵدا دەکرێت.

**٧٥. کەی دوعای قونوتەکە دەکرێت؟** دوو کاتی هەیە و هەردووکیان دروستن:

- **شوێنی یەکەم: پێش چوونە ڕکوع** لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان زانایاندا کە ئایا سوونەتە (مستحب) یان نا، بەڵام ڕای پەسەند ئەوەیە کە **دروستە؛** بەهۆی ئەوەی لە ئەنەسەوە (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕدراوەتەوە کە دەفەرموێت: «ئێمە پێش ڕکوع و دوای ڕکوعیش قنووتمان دەخوێند»[١].

[١] (ئیبن ماجە گێڕاویەتییەوە و ئیبنومولەقین بە ڕاستی داناوە و ئیبن حەجەریش بە بەهێزی داناوە)

- **شوێنی دووەم: دوای هەستانەوە لە ڕکوع**

ئەمەیان سوننەتە و لە ڕکاتی کۆتاییدا دەبێت، ئەمەش مەزهەبی زۆربەی زانایانە (جمهور)؛ بەهۆی ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قنووتی نوێژی عیشادا، دوای وتنی (سمع الله لمن حمده) ئەنجامی داوە (ئیمامی موسلیم گێڕاویەتییەوە).

**٧٦. تەکبیر کردن بۆ قونوت (پێش ڕکوع):** ئەگەر کەسێک پێش ڕکوع دوعای قونوت بکات، ئایا تەکبیر (الله أکبر) بکات؟ زانایان دوو ڕایان هەیە: کۆمەڵێک دەفەرموون تەکبیر دەکات بۆ ئەوەی جیاکاری بکات لە نێوان قورئان خوێندن و دوعاکردنەکەدا، ئەمەش لە عەلی و ئیبن مەسعوودەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) گێڕدراوەتەوە. هەندێکی تریش دەفەرموون پێویست بە تەکبیر ناکات.

## ٧٧. چ دوعایەك لە قونوتدا بخوێندرێت؟

- هیچ دەقێکی دیاریکراو نییە کە تەنها ئەو بگوترێت و هیچی تر نەبێت.

- دروستترین دوعا کە هاتووە، ئەو دوعایەیە کە پێغەمبەر ﷺ فێری حەسەنی کوڕی عەلی کردووە : (اللهمَّ اهدِنا فيمَن هدَيت ، وعافِنا فيمَن عافيت ، وتولَّنا فيمَن تولَّيت ، وبارِكْ لنا فيما أعطيت ، وقِنا شرَّ ما قضيت ، إنك تَقضي ولا يُقضى عليكَ ، إنه لا يَذِلُّ مَن والَيت ، ولا يَعزُّ مَن عاديت ، تباركت ربَّنا وتعالَيت...).

- هەروەها دوعاکەی ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) کە بریتی یە لە: (اللهم إنا نستعينُك ونستغفرُك ونؤمنُ بك ونخضعُ لك ونخلعُ ونتركُ من يكفرُك.

اللهم إياك نعبدُ ولك نصلِّي ونسجدُ وإليك نسعى ونحفِدُ، نرجو رحمتَك ونخاف عذابَك الجِدَّ إنَّ عذابَك بالكافرين مُلحِقٌ)[1]

- به کۆدەنگی هەموو زانایان، باشترین شت ئەوەیە مرۆڤ ئەو دوعایانە بکات کە لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانەوە هاتوون.

### ٧٨. حوکمی وازهێنان و نەکردنی قونوتت؟

- **ئەگەر لەبیرت چوو:** زانایان جیاوازن لەوەی ئایا سوجدەی سەهوی دەوێت یان نا؛ بۆیە ئەگەر سوجدەی سەهوت برد یان نەتبەرد، هەر دروستە و کێشەی نییە.

[1] قال البيهقي وهذا روي عن عمر بن الخطاب رضي الله عنه صحيحاً موصولاً.

- **ئەگەر بە ئەنقەست نەتكرد:** بە ڕای زۆربەی زانایان نابێت سوجدەی سەهو ببەیت، چونكە سوجدەی سەهو بۆ شتی لەبیرچووە نەک بۆ ئەوەی بە ویستی خۆت وازت لێ هێناوە.

٧٩. **دروستیی نوێژەكە بێ قونوت:** بە كۆدەنگی هەموو زانایان، هەر كەسێک نوێژی وتر بكات و قونوت نەكات، نوێژەكەی هەر دروستە و هیچ كێشەیەكی نییە.

٨٠. **دەستبەرزكردنەوە لە كاتی دوعادا:** ڕای ڕاست ئەوەیە كە لە كاتی دوعای قونوتدا دەستبەرزكردنەوە دروستە و كارێكی باشە؛ چونكە یەكێكە لە ئادابە گشتییەكانی دوعاكردن و لە فەرموودەكاندا هاتووە.

٨١. **چۆنیەتی دەستبەرزكردنەوە:** سوننەت وایە دەستەكان تا ئاستی سنگ بەرز بكرێنەوە، هەردوو

دەستەکە بڵاو بکرێنەوە و ناوکەدەستەکان ڕوو لە ئاسمان بن. ئەمە لە ئیبن عومەر و ئیبن عەبباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) گێڕدراوەتەوە.

٨٢. **شێوازی دەربڕینی دوعاکە بۆ ئیمام:** پێویستە ئیمام بە شێوەی "کۆ" (نەک تاک) دوعا بکات، بۆ نموونە بڵێت: (خودایە هیدایەمان بدە) نەک (خودایە هیدایەم بدە). چونکە پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردووە لەوەی ئیمام تەنها بۆ خۆی دوعا بکات و نوێژخوێنان فەرامۆش بکات و ئەفەرموێ: «لا يَؤُمَّ رَجُلٌ قَوْمًا فَيَخُصَّ نَفْسَهُ بِالدُّعَاءِ دُونَهُمْ، فَإِنْ فَعَلَ فَقَدْ خَانَهُمْ»[١]. ؛ واتە: "با هیچ پیاوێک ئیمامەتی کۆمەڵێک نەکات و تەنها دوعا بۆ خۆی

[١] (رواه الترمذي وحسنه)

بكات و ئەوان فەرامۆش بكات، ئەگەر وای کرد ئەوا خیانەتی لێ کردووون".

٨٣. دوعای کەسی تەنها: کەسێک کە بە تەنیا نوێژ دەکات، ئەگەر مەبەستی تەنها خۆی بێت، با بە شێوەی "تاک" دوعا بکات، بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت کەسانی تریش بگرێتەوە، دەتوانێت بە شێوەی "کۆ" دوعا بکات.

٨٤. ماوەی دوعای قونوت: هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو نییە کە دوعاکە چەند درێژ بێت، بەڵام ڕای ڕاست ئەوەیە کە نابێت ئیمام دوعاکە زۆر درێژ بکاتەوە و خەڵک ماندوو بکات، وەک ئەوەی زۆرێک لە ئیمامەکانی ئێستا دەیکەن. تەنانەت لای شافعییەکان درێژکردنەوەی زۆری قونوت مەترسی پووچەڵبوونەوەی نوێژی لێ دەکرێت.

**٨٥. ئەگەر نەگەشتی بە قونوتت :** ئەگەر نوێژخوێن درەنگ گەیشت و دوعای قونوتەکەی لەگەڵ ئیمام لەدەست چوو، باش وایە (مستحب) بۆ خۆی قەزای بکاتەوە، ئەمەش مەزهەمی هەندێکە لە زانایان.

**٨٦. خوێندنەوەی دوعا لەسەر کاغەز:** دروستە ئیمام لەسەر کاغەز یان مۆبایل دوعاکە بخوێنێتەوە، بەڵام باشتر وایە ئەوە نەکات و لەبەری بێت.

**٨٧. کاتی قونوت:** بە کۆدەنگی هەموو زانایان، دوعای قونوت لە ڕکاتی کۆتایی نوێژدا ئەنجام دەدرێت.

**٨٨. ناوبردنی کەسەکان لە ناو دوعادا:** دروستە لە ناو دوعای قونوتدا ناوی ئەو کەسانە بهێنرێت کە دوعای خێریان بۆ دەکرێت یان دوعای شەڕیان لێ دەکرێت، بە مەرجێک ئەمە نەبێتە هۆی فیتنە و کێشە. پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیش وایان کردووە.

**٨٩. دوعا كردن بە ئایەتی قورئان:** دروستە لە ناو قونوتدا ئەو ئایەتانەی قورئان بخوێنرێن کە واتا و مەبەستی دوعایان تێدایە.

**٩٠. دەنگ بەرزکردنەوەی ئیمام لە دوعادا:** ڕای زۆربەی زانایان (جمهور الفقهاء) ئەوەیە کە باشترە ئیمام بە دەنگی بەرز دوعاکە بخوێنێت، بۆ ئەوەی خەڵکەکە گوێیان لێ بێت و بڵێن "ئامین".

**٩١. دوعاکردن بە تەنیا:** ئەو کەسەی بە تەنیا نوێژ دەکات (منفرد)، ئەصڵ وایە بە بێدەنگی دوعا بکات، بەڵام ئەگەر بە دەنگی بەرزیش بیکات دروستە. با سەیری ئەوە بکات کامەیان بۆ دڵی باشترە و زیاتر کار تێکردنی هەیە، با ئەوەیان بکات.

**٩٢. دوعاکردن بەو شێوەیەی کە لە قورئان و فەرمووودەدا نەهاتووە:** ڕای پەسەندی زانایان ئەوەیە کە دروستە مرۆڤ لەناو نوێژدا بەو شێوەیەش دوعا بکات کە خۆی دەیەوێت و داوای خێری دونیا و دوارۆژ بکات. بەڵگەش فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرموێت: ( ثُمَّ يَتَخَيَّرُ بَعدُ مِنَ الدُّعاءِ ما شاءَ )[1] واتە: با هەر دوعایەک کە ویستی هەڵیبژێرێت.

تەنانەت ئیبن عومەر رضي الله عنه دەفەرموێت: من لەناو نوێژەکەمدا داوای هەموو پێداویستییەکانم دەکەم، تەنانەت جۆی گوێدرێژەکەم و خوێی ماڵەکەشم.[2]

---

[1] رواه مسلم

[2] رواه البخاري في الأدب

## ٩٣. دوعاکردن بە زمانێکی تر جگە لە عەرەبی:

دوو حاڵەتی هەیە:

- **حاڵەتی یەکەم:** ئەو دوعایانەی لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە؛ ئەگەر کەسێک نەیتوانی بە عەرەبی بیڵێت، دروستە بە زمانێکی تر بیڵێت، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾[1] بەڵام بۆ کەسێک کە دەتوانێت بە عەرەبی بیڵێت دروست نییە.

- **حاڵەتی دووەم:** ئەگەر کەسێک دوعایەک لە لای خۆیەوە دروست بکات و بە زمانێکی جگە لە عەرەبی لەناو نوێژدا بیڵێت، ئەوا بە کۆدەنگی هەموو زانایان دروست نییە و نوێژەکەی پێ بەتاڵ دەبێتەوە.

---

[1] [التغابن: ١٦]

## ٩٤. نوێژخوێن چی بڵێت کاتێك ئیمام وەسفی خودا (ثناء) دەکات؟

کاتێک ئیمام لە ناو دوعای قونوتدا دەگاتە ئەو شوێنەی کە وەسف و ستایشی خودا دەکات (نەک داواکاری)، نوێژخوێن چەند ڕایەکی لەسەرە:

- **ڕای یەکەم:** وەک دوعاکە بڵێت "ئامین".
- **ڕای دووەم:** بە بێدەنگی وەک ئەوەی ئیمامەکە دەڵێت ئەمیش بیڵێتەوە (چونکە ئەمە ستایشە و "ئامین"ی بۆ نایەت).
- **ڕای سێیەم:** بێدەنگ بێت و گوێ بگرێت .ئەمانە هەموو ڕای زاناکانن و هەر کامیان بکرێت دروستە، بەڵام ڕای دووەم و سێیەم لای زۆربەی زانایان پەسەندترن.

**٩٥. ئەو کەسەی گوێی گرانە یان دەنگی ئیمام نابیستێت:** ئەو کەسەی کە نابیستە یان بەهەر هۆکارێک دەنگی ئیمامی پێ ناگات لە کاتی دوعای قونوتدا، بۆی هەیە بۆ خۆی بە بێدەنگی دوعا بکات، ئەمەش مەزهەبی (جمهور الفقهاء) یە.

**٩٦. سەلاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لە ناو قونوتدا:**

بە ڕای زۆربەی زانایان کارێکی باش و پەسەندە (مستحب) لە ناو دوعای قونوتدا سەلاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ بدرێت. چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئەگەر یەکێکتان دوعای کرد، با بە سوپاس و ستایشی خودا دەست پێ بکات، پاشان سەلاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ بدات، ئینجا چی دوعایەکی دەوێت با بیکات. (١)

(١) رواه أبوداود وحسنه الترمذي

**٩٧. هۆنینەوە و ڕێکخستنی دوعا بەشێوەی (سجع)[١]:** دوو حاڵەتی هەیە:

١. ئەگەر بە زۆر و بە تەکلیف (واتە بە ئەنقەست خۆی ماندوو بکات بۆ ڕێکخستنی) ، ئەوە مەکروهە.

٢. ئەگەر بە شێوەیەکی سروشتی بێت و بەبێ خۆماندووکردن بێت، ئاساییە و مەکروهـ نییە.

**٩٨. ئاوازدان بە دوعا (تلحین)[٢]:** ئەمە کارێکی ڕێگەپێدراوە (مباح)؛ چونکە وەک چۆن ئاواز و دەنگخۆشی لە قورئان و بانگدا پەسەندە، لە دوعاشدا دەبێتە هۆی ئەوەی دڵ زیاتر ئامادە بێت و کاریگەری زیاتر بێت.

---

[١] **(سجع)** ئەوەیە کۆتایی ڕستەکانی دوعا وەک یەک بن (هاوشێوەی شیعرو پەخشان)

[٢] مەبەست لە (تلحین) لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ بە دەنگێکی خۆش و بە جۆرە ئاوازێک دوعا بکات کە دڵ نەرم بکات، نەک مەبەست لێی ئاوازی گۆرانی یان شێوازێک بێت کە لە شکۆی دوعا و عیبادەت کەم بکاتەوە

٩٩. ئامین کردنی نوێژخوێن: نوێژخوێن له کاتی دوعاکردنی ئیمامدا دەڵێت "ئامین". چونکه پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا تدعوا على أنفُسِكُمْ إلَّا بخيرٍ، فإنَّ الملائِكَةَ يؤمِّنونَ على ما تقولونَ)[1] واتە: تەنها دوعای خێر بۆ خۆتان بکەن و دوعای خراپه له خۆتان مەکەن؛ چونکه فریشتەکان (ئامین) لەسەر ئەو دوعایانه دەکەن که دەیلێن.

١٠٠. ئەگەر نوێژخوێن دەنگی قونوتەکەی نەبیست: ئەگەر بەهۆی دووری یان نابیستییەوە دەنگی ئیمامی نەبیست، به یەکدەنگی زانایان بۆی هەیه بۆ خۆی دوعا بکات.

[1] رواه مسلم

**١٠١. دەنگی "ئامین" کردن:** نوێژخوێن بە بێدەنگی دەڵێت "ئامین"؛ چونکە بنچینە و ئەصڵ وایە هەر زیکر و قورئان خوێندنێک کە نوێژخوێن لە پشت ئیمامەوە دەیکات دەبێت بە بێدەنگی بێت.

**١٠٢. مەسحکردنی دەموچاو دوای دوعا:** ئایا دوای دوعاکە دەست بە دەموچاودا بهێنرێت؟ دوو ڕا هەیە:

- **ڕای یەکەم:** دەست بە دەموچاودا دەهێنرێت (مەزهەبی حەنەفی و حەنبەلی).
- **ڕای دووەم:** دەست بە دەموچاودا ناهێنرێت (مەزهەبی مالیکی و شافعی). ئیمامی بەیهەقی دەفەرموێت: "باشتر وایە تەنها دەستەکان بەرز بکرێنەوە و مەسح بە دەموچاو نەکرێت، هەروەک چۆن لە پێشینانی چاکەوە (سەلەف) گێڕدراوەتەوە".

## ١٠٣. جۆرەکانی زیادەڕەوی و تەکلیف لە دوعادا:

١ – **بەشێوەی سەجع** : ئەوەی کە ئیمام زۆر خۆی ماندوو بکات بۆ ئەوەی کۆتایی دوعاکانی وەک شیعر لێ بکات و ڕێکی بخات. ئەمە لە شەریعەتدا ڕێگری لێ کراوە؛ ئیبن عەبباس دەفەرموێت: سەیری ئەو دوعایانە بکە کە سەجعیان تێدایە و لێیان دوور بکەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی وایان نەدەکرد.

٢ – **هاوارکردن و بەرزکردنەوەی زۆری دەنگ:**

بەرزکردنەوەی دەنگ لەوە زیاتر کە نوێژخوێنان بیبیستن، بە جۆرێک بگاتە هاوارکردن، کارێکی نەشیاوە. خودای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ادْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ (الأعراف : ٥٥)

٣ – **قسەی زۆر و بێ سوود:** درێژدادڕی لە دوعادا و هێنانەوەی ئەو وەسفانەی کە دوعاکە لە حاڵەتی پاڕانەوە دەگۆڕن بۆ وتار و ئامۆژگاری.

٤ – **وازهێنان لە دوعاکانی قورئان و سوننەت:** هەندێک کەس زۆر ماندوو دەبن بۆ داهێنانی دوعای نوێ، لە کاتێکدا دوعاکانی ناو قورئان و فەرموودە باشترین و کورتترین و پڕماناترین دوعان.

٥ – **درێژکردنەوەی بێزارکەر:** درێژکردنەوەی دوعای قونوت بە شێوەیەک کە پێچەوانەی سوننەت بێت و ببێتە هۆی ماندووبوون و بێزاربوونی نوێژخوێنان.

## ١٠٤. گریان لە ناو نوێژدا:

- **گریانی ئاسایی:** گریانێک کە لەبەر کاریگەری و تێفکرین لە ئایەتەکانی قورئان بێت، کارێکی باشە و ڕێگری لێ ناکرێت، چونکە لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان و پیاوچاکانیشەوە بینراوە.

- **گریان بە دەنگی بەرز:** ئەوەی کە ڕێگری لێ کراوە، بەرزکردنەوەی دەنگە بە گریان و هاوار؛ پێویستە مرۆڤ تێبکۆشێت بۆ ئەوەی دەنگی گریانەکەی بەرز نەبێتەوە، چونکە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی بکەوێتە داوی فیتنەی دەنگ و خۆنواندن و ستایشی خەڵکی، یان شەیتان لەو ڕێگەیەوە کار لەسەر دڵی بکات.

- **خۆگریاندن (تباكي):** خۆگریاندن ئەگەر بکرێت، دەبێت لە کاتی تەنیاییدا بێت نەک لەبەردەم

خەڵکدا. ئەو فەرموودە ناسراوەش کە دەڵێت: «ابْكُوا، فَإِنْ لَمْ تَبْكُوا فَتَبَاكَوْا»[١] واتە: بگرین، ئەگەر گریانتان نەدەهات خۆتان بکەنە گرینەوە.

ئەمە هەرچەندە خیلاف هەیە کە ئایا ئەم فەرموودە صەحیحە یان نا گریمان صەحیحیش بێت ئەوا مەبەست لێی کاتی تەنیاییە. دەبێت ئاگادار بین کە نە خۆمان بە ئەنقەست بگریێنین و نە بە تەکلیف گریان دروست بکەین.

- **شێوازی گریانی پێغەمبەر ﷺ:** سوننەتی پێغەمبەر ﷺ وا نەبووە لەناو نوێژدا بە دەنگی بەرز بگرییێت تا خەڵکەکە بگرییێنێت، یان بە کوڵ بگرییێت؛ بەڵکو ئەو ﷺ هەوڵی دەدا گریانەکەی لە ناو سینەیدا

[١] رواه ابن ماجه ومختلف في صحته

بشاریێتەوە، تەنها دەنگێکی کەمی لێوە دەهات وەک دەنگی کوڵانی مەنجەڵ لەسەر ئاگر.

- **وتەی زانایان:** ئیمامی ئیبن قەییم دەفەرموێت: «گریانی پێغەمبەر ﷺ وەک پێکەنینەکەی وابوو؛ نە دەنگی لێوە دەهات و نە بە کوڵ دەگریا».

## ١٠٥. حوکمی گەڕان بەدوای مزگەوتەکاندا بۆ نوێژی تەراویح:

ئەم بابەتە چەند حاڵەتێکی هەیە:

- **بۆ مەبەستی زانست و بانگەواز:** ئەگەر مرۆڤ بچێت بۆ مزگەوتێک کە زانست و وتاری تێدایە، ئەمە دروستە و کارێکی باشە؛ تەنانەت هاوەڵانیش هەندێک جار مزگەوتەکانی خۆیان جێدەهێشت تا لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ نوێژ بکەن.

- **بۆ زیاتر پابەندبوون بە سوننەت:** ئەگەر بزانیت ئیمامێک زیاتر پابەندە بە سوننەتەکانی ناو نوێژ، چوون بۆ لای ئەو کارێکی پەسەند و باشە.

- **بۆ گەیشتن بە جەماعەت:** بۆ نموونە ئەگەر لە مزگەوتی گەڕەکەکەی تۆ نوێژ تەواو ببوو، بۆت هەیە بچیت بۆ مزگەوتێکی تر تا بە جەماعەت بگەیت.

- **بۆ دەنگی ئیمام:** گەڕان بەدوای ئیمامێک کە دەنگی خۆش بێت بۆ ئەوەی زیاتر کار لە دڵت بکات، کارێکی دروستە.

**١٠٦. نوێژی تەراویحی ئافرەتان لە مزگەوت:** لە سوننەتدا هاتووە کە نوێژی ئافرەت لە ماڵەکەیدا باشترە، چ فەرز بێت یان سوننەت؛ بەڵام بۆشیان هەیە بچن بۆ مزگەوت بەو مەرجەی مۆڵەت لە هاوسەر یان

باوكیان وەربگرن .لەسەر پیاوانیش پێویستە بێ هۆکارێکی شەرعی ڕێگرییان لێ نەکەن، چونکە لە چوون بۆ مزگەوت خێر و بەرەکەتی زۆر هەیە، وەک بیستنی قورئان و فێربوونی زانیاری ئایینی. پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویێت: «لَا تَمْنَعُوا نِسَاءَكُمُ المسَاجِدَ، وَبُيُوتُهُنَّ خَيْرٌ لَهُنَّ»[1] واتە: ڕێگری لە ئافرەتەکانتان مەکەن بۆ چوون بۆ مزگەوت، بەڵام ماڵەکانیان بۆیان باشترە.

[1] رواه أبوداود وصححه النووي

# حەوتەم

## چەند بابەتێکی هەمەجۆر

### ١٠٧. ئەنجامدانی نوێژی عیشا لە پشت ئەو ئیمامەی تەراویح دەکات:

ئەم بابەتە جێگەی جیاوازییە لە نێوان زانایان:

- **ڕای یەکەم:** دروستە، کە مەزهەبی شافعی و ڕایەک لە مەزهەبی حەنبەلی و ئیبن تەیمیەیە.
- **ڕای دووەم:** دروست نییە، کە مەزهەبی حەنەفی و مالیکی و حەنبەلییە.
- **ڕای پەسەند:** ڕای یەکەمە (دروستە)؛ چونکە جیاوازی نیەتی نوێژ لە نێوان ئیمام و مەئمومدا کێشە دروست ناکات، وەک چۆن "موعازی کوڕی جەبەل ﷺ" وای کردووە.

**١٠٨. ئەگەر بەپێی ڕای دووەم (کە دەڵێت دروست نییە) کرا:** ئەوا ئەو کەسەی عیشای نەکردووە دەتوانێت لە کۆتایی مزگەوتەکە بە تەنیا نوێژەکەی بکات (ئەمە مەزهەبی مالیکی و حەنەفییە)، و ئەمە بە پێچەوانە و موخالەفەکردنی ئیمام هەژمار ناکرێت. بەڵام دروست نییە جەماعەتێکی تر لەناو مزگەوتەکەدا پێکبهێنرێت لە کاتی تەراویحەکەدا، چونکە دەبێتە هۆی پشێوی و دروستکردنی دوو جەماعەت لە یەک کاتدا.

**١٠٩. پەلەکردنی زۆر لە ڕوکنەکان و قورئان خوێندن:** خێراکردنی زۆر لە نوێژدا کارێکی ناپەسەندە (مەکروهە). بەڵام ئەگەر خێراکردنەکە گەیشتە ئاستێک کە "تومەئنینە" (واتە ئارامبوونەوە و جێگیربوون لە ڕوکنەکاندا) تێدا نەما، ئەوا بە ڕای زۆربەی زانایان

نوێژەکە **پووچەڵ دەبێتەوە**، چونکە ئارامی و جێگیربوون لە نوێژدا واجبە.

**١١٠. تەراویح بۆ ئەو کەسەی بەڕۆژوو نییە:** سوننەتە ئەو کەسانەش کە بەهۆی سەفەر یان نەخۆشی یان هەر عوزرێکی تر بەڕۆژوو نین، نوێژی تەراویح ئەنجام بدەن، چونکە تەراویح عیبادەتێکی سەربەخۆیە و تایبەتە بە شەوانی ڕەمەزان.

**١١١. ئەگەر تەرم (جەنازە) هاتە مزگەوت لە کاتی تەراویحدا:** ئەگەر لە کاتی ئەنجامدانی تەراویحدا جەنازەیەک هات بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بکرێت، ئەوا نوێژی جەنازەکە پێش دەخرێت، بۆ ئەوەی خەڵکەکە و کەسوکاری جەنازەکە زۆر چاوەڕێ نەکەن و تووشی زەحمەتی نەبن.

## ١١٢. ئەگەر مانگیگیران (خسوف) و نوێژی تەراویح کەوتنە یەك کات: دوو ڕا و بۆچوون هەیە:

- **ڕای یەکەم:** نوێژی مانگیگیران پێش دەخرێت، تەنانەت ئەگەر ترسی ئەوەش هەبێت تەراویحەکە بڕوات. ئەمە مەزهەبی حەنەفی و شافعی و ڕایەکی حەنبەلییەکانە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە نوێژی مانگیگیران بەهێزترە (آکد) و هەندێک زانا بە واجبی دەزانن، هەروەها خودی نوێژی مانگیگیرانیش هەر بە زیندووکردنەوەی شەو هەژمار دەکرێت.

- **ڕای دووەم:** نوێژی تەراویح پێش دەخرێت؛ چونکە تایبەتە بە ڕەمەزان و ئەگەر کاتەکەی بڕوات قەزا ناکرێتەوە، هەروەها لای هەندێک زانا فەزڵی زیاترە.

- **ڕای پەسەند:** ڕای یەکەمە، بەڵام بابەتەکە جێگەی ئیجتیهادە و هەردووکیان ڕێگەی تێدەچێت.

## ١١٣. ئەگەر نوێژخوێن دانیشێت و نەچێتە ناو نوێژ تا ئیمام دەچێتە کرنوش (ڕکوع):

- **حاڵەتی یەکەم:** ئەگەر بەهۆی عوزر و ماندوێتییەوە بێت، بە یەکدەنگی زانایان دروستە.

- **حاڵەتی دووەم:** ئەگەر بێ عوزر بێت؛ زانایان دوو ڕایان هەیە: هەندێک دەڵێن نوێژەکەی دروستە بەڵام کارێکی ناپەسەندە (مەکروهە). هەندێکی تریش دەڵێن دروست نییە، چونکە بە ئەنقەست خوێندنی فاتیحەی تێپەڕاندووە لە کاتێکدا دەیتوانی پێش ڕکوعەکە تەکبیر بکات و فاتیحە بخوێنێت.

- **بۆ دڵنیایی:** باشتر وایە مرۆڤ کارێکی وا نەکات، چونکە پاداشتی وەستان (قیام)، قورئان خوێندن، ئامین کردن و شوێنکەوتنی تەواوی ئیمامی لەدەست دەچێت.

**١١٤. ئایا نوێژکردن لە نێوان مەغریب و عیشادا بە "شەونوێژ" هەژمار دەکرێت؟** لێرەدا زانایان دوو ڕایان هەیە:

- **ڕای یەکەم:** بەڵێ، بە شەونوێژ دادەنرێت. ئەمە مەزهەبی شافعی و حەنبەلییەکانە.
- **ڕای دووەم:** فەزڵی شەونوێژ تەنها دوای نوێژی عیشا دەست پێ دەکات. ئەمە ڕای مەزهەبی حەنەفی و هەندێک لە مالیکییەکانە.
- **ڕای پەسەند:** ڕای یەکەمە (واتە بە شەونوێژ دادەنرێت)؛ چونکە لە هاوەڵانەوە گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ لە نێوان مەغریب و عیشادا نوێژی کردووە، هەروەکو حوذەیفەی کوڕی یەمان رضي الله عنه

دەفەرموێ: (أَتَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ، وَهُوَ يُصَلِّي بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ، فَلَمْ يَزَلْ يُصَلِّي حَتَّى صَلَّى الْعِشَاءَ)[1].

جگە لەوەش لە ڕووی کاتەوە، "شەو" لە کاتی ئاوابوونی خۆرەوە دەست پێ دەکات.

**١١٥. فەزڵی نوێژی نێوان مەغریب و عیشا:** هەر چوار مەزهەبەکە (حەنەفی، مالیکی، شافعی، حەنبەلی) هاوڕان لەسەر ئەوەی کە نوێژکردن لە نێوان مەغریب و عیشادا فەزل و پاداشتێکی زۆری هەیە.

**١١٦. ئایا نوێژی نێوان مەغریب و عیشا ژمارەیەکی دیاریکراوی هەیە؟** هەرچی فەرموودە دەربارەی دیاریکردنی ژمارەی ڕکاتەکان لەم کاتەدا هاتبێت، هەموویان "لاواز"ن؛ هەندێک دەڵێن شەش ڕکاتە و

---

[1] رواه الترمذي وقال حسن صحيح وحسنه ابن حجر في المطالب

هەندێکی تریش دەڵێن بیست ڕکاتە، بەڵام هیچ ژمارەیەکی جێگیر لە سوننەتدا نییە.

**١١٧. جیاوازیی نێوان ئیمام و نوێژخوێن لە ڕا و مەزهەب:** بوونی جیاوازی لە نێوان ئیمام و مەئموم لە بابەتەکانی (مەرجەکان، واجبەکان، یان سوننەتەکانی نوێژ) نابێتە ڕێگر لەوەی نوێژیان پێکەوە دروست بێت. ئایینی ئیسلام هاندەری یەکڕیزی و جەماعەتە، جیاوازی و دووبەرەکیش شەڕە. هاوەڵان و تابیعین هەمیشە لە شارەکان و لە حەرەمە شەریفەکان و لە وەرزی حەجدا لە پشت یەکتر نوێژیان کردووە، سەرەڕای ئەوەی لە زۆر بابەتی فیقهیدا ڕایان جیاواز بووە.

- **بنچینەیەکی گرنگ:** «مَنْ صَحَّتْ صَلاَتُهُ لِنَفْسِهِ، صَحَّتْ صَلاَتُهُ لِغَيْرِهِ» واتە: " هەر کەسێک نوێژەکەی بۆ خۆی دروست بێت، بۆ کەسانی تریش هەر دروستە."

- ئەگەر بڵێین نوێژ لە پشت کەسێک کە مەزهەبی جیاوازە دروست نییە، ئەوا دووبەرەکی و کێشە لە ناو موسڵمانان دروست دەبێت کە ئەمەش دژە لەگەڵ بنەماکانی شەریعەت کە بریتییە لە: کۆبوونەوە و یەکڕیزی، و دوورکەوتنەوە لە تەعەسوب (دەمارگیری) و جیاوازی و خیلاف .

# هەشتەم

## حوکمەکانی دوعای خەتمی قورئان

**١١٨. خەتمکردنی قورئان لە ناو نوێژدا دوو حاڵەتی هەیە:**

- **حاڵەتی یەکەم (لە نوێژە فەرزەکاندا):** هیچ کام لە زانایان نەیانفەرمووە کە لە ناو نوێژە فەرزەکاندا دوعای خەتمی قورئان بکرێت.
- **حاڵەتی دووەم (لە نوێژە سوننەتەکاندا - وەک تەراویح):** لێرەدا زانایان جیاوازن:

**ڕای یەکەم:** دروست نییە و هەندێک بە "بیدعە"یان داناوە، چونکە بەڵگەیەکی ڕاشکاوی لەسەر نییە و بنچینە لە پەرستشەکاندا پابەندبوونە بەوەی هاتووە.

ئەمە ڕای مەزهەبی مالیکی و حەنەفی و هەندێک لە شافعییەکانە و شێخ ئیبن عوسەیمینیش هەمان ڕای هەبووە.

**ڕای دووەم:** کارێکی باش و پەسەندە. ئەمە ڕای زانایانی مەزهەبی حەنبەلی و هەندێک لە زانایانی تری وەک شێخ ئیبن بازە، بە پشتبەستن بەوەی کە لە هەندێک لە پێشینانی ئوممەتەوە (وەک عوسمانی کوڕی عەففان و سوفیانی کوڕی عەیینە) گێڕدراوەتەوە، هەروەها دوعاکردن لە بنچینەدا لە ناو نوێژدا ڕێگەی پێدراوە. شێوازی ئەم دوعایە وایە کە دوای خوێندنی سوورەتی (الناس) و پێش چوون بۆ ڕکوع، دەست بەرز دەکرێتەوە و دوعاکە دەکرێت.

**پێشنیاری پەسەند بۆ ئیمامەکان:** باشتر وایە ئیمامەکان دوعای خەتمی قورئان بخەنە ناو "دوعای

قونوت" له نوێژی وتردا (چ پێش ڕکوع یا دوای ڕکوع). ئەمە نزیکترە لە سوننەت و کردەوەی هاوەڵان، هەروەها دوورترە لە دروستکردنی پشێوی و کێشەی زانستی و دەبێتە هۆی تەبایی و کۆکبوونی دڵی نوێژخوێنان. کاتێک لە ئیمامی ئەحمەدیشیان پرسی دەربارەی دوعای خەتم لە ناو وتردا، بە کارێکی ئاسانی داناوە.

### ١١٩. دەقێکی دیاری کراو هەیە بۆ دوعای خەتمی قورئان:

**قورئان:** هیچ فەرموودەیەک نییە (نە لە پێغەمبەر ﷺ و نە لە هاوەڵان) کە دەقێکی تایبەتی بۆ دوعای خەتمی قورئان دیاری کردبێت.

### ١٢٠. چ دوعایەك بكرێ لە خەتمی قورئان؟

مرۆڤ دەتوانێت بە هەر دوعایەک کە ویستی بپاڕێتەوە. گێڕدراوەتەوە کە کاتێک لە ئیمامی ئەحمەدیان پرسیوە: بە چی دوعا بکەم؟ فەرموویەتی: "بە هەرچی دەتەوێت".

لە کتێبی (رياض النفوس في طبقات علماء القيروان) دا هاتووە: (لە باسی ژیاننامەی "حەمدونی کوڕی موجاهیدی کەلبی"دا -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- هاوەڵانی گوتوویانە: لە مانگی ڕەمەزاندا نوێژی تەراویحی بۆ دەکردین، کاتێک شەوی بیست و حەوتەم بوو خەتمێکی بۆ کردین و دەستی کرد بە دوعا و گریان و پاڕانەوە و پەنابردن بۆ لای خوای گەورە، خەڵکەکەش لە پشتییەوە دەگریان و دەپاڕانەوە؛ لەو شەوەدا نزیکەی حەفتا پیاو گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە و تۆبەیان کرد، هەندێکیان پەشیمان بوونەوە لە مەیخواردنەوە و هەندێکی تریان لە گوناهەکانی تر، هەموویان بوونە خاوەن تۆبەیەکی ڕاستەقینە (نەصوح) بە فەزڵی نییەتپاکیی و جوانیی دەروونی ئەو زانایە.

## دوعای كۆتایی نووسەر

خوایە! شارەزامان بکە لە ئاییندا بەپێی سوونەتی سەروەری نێردراوان ﷺ و لەسەری جێگیرمان بکە، و بمانکە بە بانگخواز و پشتیوانانی ئایینەکەت. خوایە! داوای ڕەزامەندیی تۆ و چاکەکاریی و جێگیریی دڵەکانمان و پاکژیی دەروونمان و نەوەکانمان دەکەین. خوایە! سەرکەوتن و سەربەرزی ببەخشە بە ئیسلام و موسڵمانان و وڵاتەکەمان و هەموو وڵاتانی تری موسڵمانان، و کاربەدەستانیان ڕێنوێنی بکە بۆ سەر ڕەزامەندیی خۆت. خوایە! موسڵمانان کۆبکەرەوە لەسەر ڕێگای هیدایەتت، و زاڵمان و دەستدرێژیکاران تیا بچووێنە، و ئارامیی و ئاسوودەیی بڕژێنە بەسەر بەندە ستەملێکراو و تاقیکراوەکانتدا، بەو هیوایەی بە

کەرەم و میهرەبانی خودا، لە دیدارێکی تردا لەسەر ڕێگای زانست و هیدایەت یەک بگرینەوە.

إنّا على البِعادِ والتفرقِ      لَنلتقي بالذكرِ إن لم نَلتقِ

كتبه / فهد بن يحيى العماري

البلد الحرام ١٤٤٦/٨/١٨هـ

famary١@gmail. com

-----------------------------------

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org    walamakan.com

## ناوەڕۆك

پێشەكی: فەزڵ و گەورەیی شەونوێژ و تەراویح ............... ٤

بەشی یەكەم : حوكمەكانی نوێژی تەراویح .................... ١٢

بەشی دووەم: حوكمەكانی دانیشتنی نێوان ڕكاتەكان.......... ٣١

بەشی سێیەم: پێشنوێژیكردنی منداڵ و ئافرەت.................. ٣٨

بەشی چوارەم: حوكمەكانی نوێژی وتر............................ ٤٣

بەشی پێنجەم: حوكمەكانی قەزاكردنەوەی تەراویح.......... ٥٢

شەشەم: حوكمەكانی دوعای قونوت.............................. ٥٤

حەوتەم: چەند بابەتێكی جیاواز.................................. ٧٨

هەشتەم: حوكمەكانی دوعای خەتمی قورئان..................... ٨٧

ناوەڕۆك ............................................................ ٩٣